


# لە یادی سەدساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا

## گفتوگۆی «ڕێگای کوردستان»

## لەگەڵ وەلید عومەر



**پ: بـەرەو یـادی سەدسـاڵەی ئۆکتۆبـەر دەڕۆیـن، یـان بـا بڵێین لەنـاو یادەکەدایـن. قەیسـەرەکان یـان تـزارەکان کـێ بـوون و دۆخـی ڕووسـیا لـە دەمەدەمـی شۆڕشـدا چۆن بـوو؟**

و: لـە ئاسـتی کۆنکرێتییـدا ڕاسـتە کـە شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر کۆتایـی یەکجاریـی بـە پارادایمـی بنەماڵەیـی لـە ڕووسـیا هێنـا، بـەڵام شۆڕشـەکە دیوێـکی گەردوونییـشی هەیـە. گـەر لـە ناوخـۆدا کۆتاییهێنـان بێـت بـە مۆدێـلی بنەماڵـە، ئـەوا لـە ئاسـتی گشـتەکی و گەردوونییـدا هەوڵێـك بـوو بـۆ کۆتاییهێنـان بـە حوکمـی چینایـەتی و کۆنەپارێـزی. واتـە ئایدیاکـە لـە دۆخێـکی کۆنکرێتـی گەورەتـر بـوو. یـان وەك ئـەوەی جـۆرج لـۆکاچ باسـیدەکات، لینـین [و حیـزبی بەلشـەفیك] نەهاتـن وێنەیـەکی شـێواوی مێـژووی ڕووسـیا بەسـەر دەرەوەی ڕووسـیا و جیهانـدا بسـەپێنن، بەڵکـو لەڕێگـەی دۆخـی کۆنکرێتـی و جوزئیـی ڕووسـیاوە لـە کـۆی کێشـە چینایەتییـەکانی جیهـان تێگەیشـتن لـە پراکتیکـدا. قەیسـەرەکان مـاوەی سـێ سـەد سـاڵ پاشـا و حاکمـی ڕووسـیا بـوون. پێـش قەیسـەرەکان ڕووسـیا بەشـێك بـوو لـە قەڵەمـڕەوی مەغۆلـەکان. یەکـەم پاشـای قەیسـەرەکان، ئیڤـان گرۆزنییـە کـە بـە (ئیڤـانی تۆقێنـەر) نـاسراوە. ئیڤـان لـە ١٥٤٧ لـە تەمـەنی شـانزە سـاڵیدا دەگاتـە سـەرتەخت. دوایـین پاشـای قەیسـەرەکانیش نیکـۆلای دووەم بـوو کـە سـاڵی ١٩١٨ خـۆی و خێزانەکـەی کەوتـە دەسـتی حیزبەکـەی لینـین و پـاش ماوەیـەك هێشـتنەوەیان لـە زیندانـدا تیربارانیـان کـردن، چونکـە بەلشـەفیکەکان ئـەو ترسـەیان هەبـوو قەیسـەر وەك ڕەمزێـك بمێنێتـەوە و خەڵکێـکی زۆر لـە دەوری کۆببنـەوە. دیـارە پێـش ئـەوەی بەیەکجـاری حوکمـی قەیسـەرەکان بڕووخێـت، لـە هەمـان سـاڵدا پـاش شـۆڕشی فێبریوەری(شـوبات)، حکـوم کەوتـە دەسـت حکومەتێـکی کاتی. چونکـە پێشـتر بەهـۆی هەسـتانی خەڵـك و مانگرتنـی فـراوانی کرێـکاران و ژنانـەوە نیکـۆلای دووەم ناچاربـوو دەسـەڵات بداتـە دەسـتی براکـەی، میخائیـل ئەلێکسـاندرۆڤیچ ڕۆمانـۆف. بـەڵام ئەویـش ڕۆژی دواتـر دەسـتی لەکارکێشـایەوە و حکومەتێـکی کاتی بـە سـەرکردایەتیی کرینسـکی هاتەکایـەوە کـە بەلشـەفیەکانی تیانەبوو(ئـەوان لـەو کاتـەدا هەندێکیـان لـە دەرەوە بـوون، بەجۆرێکیـش دەرهـەق بـە شۆڕشـەکەی فێبریـوەری غافڵگـیر ببـوون). تـا ئـەوکات تـزار لـە پترزبۆرگ(پترۆگـراد) دادەنیشـت و ئـەو شـارە شـارێکی کەمتـازۆر پیشەسـازی بـوو و ڕێژەیـەکی بەرچـاو کرێـکاری درووسـتکردبوو. حکومەتـە کاتییەکـە کـە تێکـڕا شـەش مانگێـکی خایانـد، نەیتـوانی بەسـەر کێشـەکاندا زاڵ ببێـت. هـاوکات شـورا کرێکارییـەکان هەبـوون، کـە دەیـەی پێشـوو دامەزرابـوون و نەدەچوونەپـاڵ حکومەتـە کاتییەکـە، چونکـە زۆرینـەی ئەندامـەکانی لـە چینـی باڵادەسـت و بـۆرژوازی پێکهاتبوو(جگـە لەکرینسـکی کـە سۆسیالیسـت بـوو). لینـین، لـە کاتی حوکمـی کرینسـکیدا هەڵیدەکوتایـە سـەری و پێـی وابـوو کرینسـکی فاکتـەری مانـەوەی سـەرمایەدارییە لـە ڕووسـیا و هـەر ئەویشـە جڵـەوی خەڵـکی گرتـووە تـا شۆڕشـێکی ڕادیـکاڵ ڕوونـەدات.

گەرچـی سـاڵانی حەفتـای سـەدەی نـۆزدە، کتێبـی سـەرمایەی مارکـس کرابـووە ڕووسی، بـەڵام سـاڵانی نـەوەدی کۆتایـی سـەدەی نـۆزدە بـەر لـەوەی چینـی کرێـکار وەك ئـەوەی ئەوروپـا درووسـت ببێـت، مارکسـیزم هاتـە ڕووسـیاوە. ئەویـش جـۆرە مارکسـیزمێکی تۆزێـك کاڵوخـاو بـوو کـە لەلایـەن هەندێـك ڕۆشـنبیرەوە تەبـەنی کرابـوو. ئـەم ڕۆشـنبیرانە زیاتـر غەربگـەرا و ئەوروپاگـەرا بـوون و حەزیاندەکـرد ڕووسـیا بچێتـە هاوشـانی وڵاتـە ئەوروپییـەکان(وەك دواتـر دەبینـین، بەهـۆی گەڕانـەوەی لینینـەوە بـۆ ئەزمـوونی کۆمۆنـەی پاریـس، ڕوسـیا ڕاسـتەوخۆ خـۆی بـە مێـژووی نوێـی ئەوروپـاوە گرێـدەدات). وەك بینیـمان لـە ئەوروپـا کرێـکار پێـش مارکسـیزم هاتەئـاراوە، بـەڵام لـە ڕووسـیا بەپێچەوانـەوە. ڕووسـیا ئـەو کاتـە زۆرینـەی زۆری جوتیـار و لادێنشـین بـوو. خەڵکێـکی هێجـگار دواکەوتـوو بـوون. نزیکـەی لـە سـەدای ٩٠ی خەڵکەکـە خەریـکی کشـتوکاڵ بـوون.

ئـەو چەنـد دەیەیـەی بـەر لـە شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر، قەیسـەرەکان هەرگیـز زۆر لـەو بڕوایـەدا نەبـوون کـە مارکسـیزم بـۆ ڕووسـیا بشـێت و جێـی مەترسـییش بێـت. پێیانوابـوو ڕەبتێـکی ئەوتـۆی بـە واقیعـی ئابـوری و سـیاسی و کۆمەڵایەتیـی ڕووسـیاوە نیـە. تەنانـەت

مارکس خۆیشی پێشبینیی ئەوەی نەکردبوو کە شۆڕشی کرێکاری لە ڕووسیا سەرهەڵبدات، چونکە مارکس پێی وابوو شۆڕش لە وڵاتێکی پیشەسازیی پێشکەوتووی وەك بەریتانیادا ڕوودەدات چونکە لەوێ چینی کرێکار زووتر دەخەملێت و دروستدەبێت. گرنگیی لینین لێرەدایە کە پێشبینییەکەی مارکسی تووشی ناکۆکی کرد. توانیی مێژوو خێراتر بکاتەوە. ساڵانی نەوەدی سەدەی نۆزدە، گرووپگەلی ئەنارشیستی و تیرۆریستی لەناو ڕووسیادا هەبوون. تیرۆریست ئەو کاتە مانا ئەمڕۆییەکەی نەبوو، بەڵکو گرووپی چەکداریی پارتیزانی بوون و پێیانوابوو بە زەربەی بچوك بچوك دەتوانن سیستەم بگۆڕن. مارکسییە ڕووسەکانی ئەوکات لە ساڵی ١٨٩٨دا بۆ ئەوەی خۆیان لەم گرووپانە جیاکەنەوە، ناوی (سۆسیاڵ دیموکرات)یان لە خۆیاننا. دیارە بەر لەوەش گرووپی(ئازادیی کار) لەلایەن مارکسییەکی وەك پلیخانۆڤەوە لە ژنێڤ دامەزرابوو، پلیخانۆڤ بە باوکی مارکسیزمی ڕووسیا ناودەبرێت کە یەکەمین کەسە بیری مارکسی دێنێتە ناو سەقافەی ڕووسییەوە. دواتریش لەژێر کاریگەریی ئەم گرووپەی پلیخانۆڤدا، چەندین گرووپ و ڕێکخراو و تەشکیلاتی تر دروستدەبن. یەکێك لەم گرووپانە ناوی (ڕێکخراوی یەکێتیی خەبات بۆ ڕزگاریی چینی کرێکار) بوو، کە لەژێر ڕێبەرایەتیی ڤلادیمێر ئیلیچ ئۆلیانۆفدا دامەزرا کە دواتر بە (لینین) ناوی دەرکرد. لەڕاستییدا گرووپە مارکسییە سەرەتاییەکانی ڕووسیا تێکەڵەیەك بوون لە ڕیفۆرم و توندوتیژی و هتد، هێشتا مارکسییەکی ڕوون و تۆکمە نەبوون. ساڵی ١٨٩٨ پاش یەکەمین کۆنگرەی حیزبی سۆسیال دموکراتی ڕووسیا، کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا تەقریبەن لە چوارچێوەیەکدا کۆببوونەوە. حیزبەکە کە لینینیشی تیابوو، بەرنامەی کورتخایەن و درێژخایەتیشی دانا. بەرنامە درێژخایەنەکانی بریتی بوون لە: لەناوبردنی سەرمایەداری و هێنانەدیی کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی بە سەرکردایەتیی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. هەروەها بەرنامە کورتخایەنەکانیشی بریتی بوون لە: لەناوبردنی دەسەڵاتی قەیسەر، دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراسییانە(هێشتا درووشمەکان تەواو مارکسییانە نین)، ٨ سەعات کارکردنی کرێکار(ئەوکات کرێکار لە ١٠ سەعات زیاتر ئیشی دەکرد لە ڕۆژێکدا)، گێڕانەوەی زەوی بۆ جووتیاران. لینین ساڵی ١٩٠٠ ڕۆژنامەی (ئایسکرا)ی دەرکرد، کە بەمانای (گڕ و بڵێسە) دێت. لەناو سۆسیال دیموکراتەکانشدا بە لایەنگرەکانی دەوترا ئایسکرا. لینین کەسێکی دیاربوو لەناو ئەم کۆمۆنیستانەدا و ساڵی ١٩٠٢ کتێبی (چی بکرێت؟)ی نوسی و بەرچاوی کۆمۆنیستەکانی بۆخەباتی کۆنکرێتیی ڕوونکردەوە. لە کۆنگرەی دووەمی سۆسیال دیموکراتەکاندا لە ساڵی ١٩٠٣، ناکۆکی کەوتە ناو باڵەکانی ئەم حیزبەوە. ئابوریگەراکان و یەکێتیی کرێکارانی جولەکە کەوتنە بەرامبەر باڵی ئایسکراوە. ئایسکراش دواجار بوو بە دوو بەشەوە: لایەکیان لایەنگری لینین بوون، لاکەی تر لایەنگری مارتۆڤ. دوای ئەوەی ئابوریگەراکان و باندیستەکان کۆنگرەیان جێهێشت، باڵەکەی لینین ناوی خۆیاننا بەلشەفیك، واتە زۆرینە. باڵەکەی تریش مەنشەفیك بوون، واتە کەمینە. پلیخانۆڤ لە مەنشەفیکەکان بوو و لینینیش لە بەلشەفیکەکان: دوو ناوی دیاری ئەو سەردەمە.

جیاوازیی بەلشەفیکەکان لەگەڵ مەنشەفیکەکان شێوازی خەبات بوو کە تا ساڵی ١٩١٧ی خایاند. ساڵانێکی زۆری خایاند. گەرچی هەردوو باڵەکە مارکسی بوون. بەڵام کۆمەڵێك جیاوازییان هەبوو کە ستراتیژی بوون و ناتوانین لە لەسەری نەوەستین، چونکە ئەو گریمانەیە هەیە ئەگەر مەنشەفیکەکان ببوونایە بە خاوەن گوتاری شۆڕش چ ڕوویدەدا؟

١) بەلشەفیکەکان پێیانوابوو دەبێت ئیشبکرێت بۆ حیزبێکی شۆڕشگێڕی پیشەیی، بەڵام مەنشەفیکەکان هەمووکەسێکیان وەردەگرت ئیتر فیکر و زیکری هەرچی بووایە.

٢) بەلشەفیکەکان حیزبیان وەك نوێنەری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەناسی، بەڵام مەنشەفیکەکان بڕوایان بە کۆڕوکۆمەڵی پەرشوبڵاو هەبوو، بە گفتوگۆ و باسوخواسی گشتی.

٣) لینین دەیویست دەمودەستی لێبکرێت و هەرزوو دەسەڵاتی قەیسەر لەناوببرێت و بەهۆی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی دروستبکرێت بۆ کرێکاران و جووتیاران. بەڵام مەنشەفیکەکان و پلیخانۆڤ ناکۆك بوون، ئەوان دژی «دەوڵەتێکی سۆسیالیستیی زووپێگەیشتوو» بوون چونکە پێیانوابوو ئەمە بەرهەمی لۆژیکیی کرێکاران نیە و بەرهەمی کەمینەیەکی حیزبییە و هێشتا هەلومەرج بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لەبار نیە.

٤) بەلشـەفیکەکان بڕوایـان بـە تێپەڕانـدنی قۆناغـی بـۆرژوازی و گەشـەی سـەرمایەداری بـوو، بـەڵام مەنشـەفیکەکان پێیانوابـوو دەبێـت سـەرەتا یارمەتیـی بـۆرژوازی بدەیـت تاکـو قەیسـەر بڕووخێـت و پاشـان ئیـش بـۆ سۆسـیالیزم بکرێـت.

٥) بەلشـەفیکەکان بـەر لـە سۆسـیالیزم و شـۆڕش زۆر بڕوایـان بـە شـوراکان نەبـوو، بـەڵام مەنشـەفیکەکان دەیانـوت بـا شـوراکان درووسـتبکەین و لـە کاتی شۆڕشـە بۆرژوازییەکـەدا ڕێگـە خـۆش بکەیـن بـۆ شـۆڕشی سۆسیالیسـتی. بەلشـەفیکەکان ئـەم ئەرکەیـان دەدا بـە حیزبێـکی پێشـەنگی کۆمۆنیسـتی نـەك شـورا پێشـوەختەکان. لینـین پێـی وابـوو هۆشـیاریی کرێـکار لـە سـەندیکا و یەکێتییـە کرێکارییـەکان تێناپەڕێـت، بۆیـە باشـترە ڕۆشـنبیرانی پێشـەنگ هۆشـیاریی سـیاسی و فەلسـەفی و مێژوویـی لەنـاو چینـی کرێـکاردا بڵاوبکەنـەوە. دیـارە لینـین پێـی وابـوو تەنیـا لـە دەرەوەی چینـی کرێـکارەوە دەتوانـین هۆشـیاری بێنینـە نـاو چینـی کرێـکارەوە، ئەمـەش ڕۆشـنبیرەکانی نـاو حیزبـە پێشـەنگەکە دەیکـەن، گەرنـا کرێـکاران سـەرقاڵی ژیـانی ڕۆژانـەی خۆیانـن.

٦) ناکۆکییـەکی تـر لـە ڕێکخـراو و ڕێکخسـتنی شۆڕشـگێڕاندا بـوو. لینـین ڕاسـت و ڕاشـکاو دەیـوت: هەرکـەس بـوو بـە ئەندامـی حیزبـە یـان ئـەم ڕێکخـراوە ئـەوا دەبێـت پیشـەی شـۆڕش بێـت. دەشـبێت ڕێکخراوەکـە ئەندامـی کـەم بێـت چونکـە لـە وڵاتێـکی سـتەمکاردا کەمـتر مەترسـیی لەناوچـوونی دەکەوێتەسـەر. دەبێـت نهێنـی بێـت و پروپاگەنـدەی بەهێـزی هەبێـت.

٧) بەلشـەفیکەکان چاوەڕێـی پێشـبینییەکەی مارکـس نەبـوون و بڕوایـان بـە حەتمیەتیـی ڕێژەیـی مێژوویـی نەبـوو، بـەڵام مەنشـەفیکەکان شۆڕشـیان بـە پرۆسـەیەکی حەتمیـی مێژوویـی دەزانی و چـاوەڕوان بـوون هەلومـەرج بڕەخسـێت نـەك وەکـو بەلشـەفیکەکان بەرنامـەی بـۆ دانێـن و دەسپێشـخەری بکـەن.

٨) لینـین دەیـوت گـەر لەڕووسـیا شـۆڕش بگەیـن ئەگـەری هەیـە بتەنرێتـەوە بـۆ وڵاتـانی تـری ئەوروپـاش، بـەڵام مەنشـەفیکەکان دەیانـوت بـا بـە فیکـری سۆسـیال دیموکـرات لـە ئەوروپـادا زەمینـە بـۆ شـۆڕش بڕەخسـێنین.

دواتـر دەگەینـە سـەر جەنگـی جیهانیـی یەکـەم، کـە جەنگێـکی ناسیۆنالیسـتی بـوو و بەرەنجامـی پاوانخوازییـەکانی دەوڵەت/نەتـەوە بـوو. سـاڵی ١٩١٤ ڕووسـیا چـووە شـەڕی یەکەمـی جیهانییـەوە. نەبـوونی خـۆراك و سـوتەمەنی لەنـاوەوە خەڵـکی هەراسـانکردبوو. جەنگەکـە ناکۆکیـی خسـتبووە نێـوان شۆڕشـگێڕانەوە. بۆنمونـە پلیخانـۆڤ و کرۆپاتکـین دەیانـوت: پێویسـتە بەرگـری لـە خـاك و ئـاوی ڕووسـیا بکەیـن و هاوکاریکـردنی قەیسـەر پاسـاو و پاکانـەی خـۆی هەیـە. بـەڵام کەسـانێکی تـری وەك مارتـۆڤ، ترۆتسـکی، بەلشـەفیکەکان و ئەنارشیسـتەکانی وەك باکۆنـین پێیـان بـاش بـوو شـەڕە دەرەکییەکـە بگـۆڕن بـۆ شـەڕێکی ناوخۆیـی. سـیمای دیـاری ئـەم هەوڵانـە لینـین بـوو کـە دوو کۆنفرانـسی دژەجەنگـی بەسـت. لەلایـەك دەیـوت ئـەم شـەڕە شـەڕێکی ناهـەق و ئیمپریالیسـتییە و خێـری ئینسـانی تیانیـە، لەولاشـەوە بـیری لـە دەرفەتێـکی سـتراتیژی دەکـردەوە تاکـو شـەڕەکە بخاتـە خزمـەتی پرۆلیتاریاوە(شـتێکی هاوشـێوەی دۆخـی داعـش لای خۆمـان کـە دەرفـەتی بـۆ هەرهێزێـك دەخولقانـد کـە لەنـاوەوە کاربـکات). لینـین حیزبـە سۆسیالیسـتەکانی نـاو ڕێکخـراوی ئەنتەرناسـیۆنالی دووەمیـشی بـە خیانـەت تۆمەتبارکـرد کـە خەڵـك بـۆ پشـتیوانیی شـەڕەکە و ئیمپریالیـزم هانـدەدەن. لەناوەڕاسـتی ١٩١٥دا، خۆپیشـاندان و مانگرتـن و تەنانـەت شـەڕی چەکدارییـش لەناوخـۆی ڕووسـیادا درووسـتدەبێت و هەندێـك نوقتـەی گرنگـی شـارەکانیان گـرت. ئەمـە هێشـتا جووڵانـەوەی خۆڕسـکانەیە و دژ بـە دۆخـی خراپـی خەڵکـە و جووڵانـەوەی کۆمۆنیسـتانە نیـە.

سـاڵەکە دەگاتـە ١٩١٧ و نـاو ڕووسـیا هـەر فەوزایـە و شـۆڕش لـە هەسـتان و کەوتنایـە. کـەس لەوبڕوایـەدا نیـە سـەرکەوتنی واڕووبـدات. لـە بەلشـەفیکەکان، لینـین لـە سـویسرا دەبێـت، ترۆتسـکی لـە ئەمریـکا، سـتالین و کامینێـڤ دوورخرابوونـەوە بـۆ تاراوگـە. تەنانـەت لینـین بـیری لـەوە کردبـووە بـڕوات بـۆ ئەمریـکا. لـەم شۆڕشـەی شـوباتدا فەرمانڕەوایـی ٣٠٠ سـاڵەی قەیسـەر کـە ڕۆمانۆفیـشی پێدەوترێـت کۆتاییهـات. شـۆڕشی شـوبات ڕوودەدات و دەسـەڵات دەکەوێتـە دەسـت خەباتـکارە نابەلشـەفیکەکان. بەلشـەفیکەکانیش هـەن، بـەڵام خـاوەنی خۆڕێکخسـتنێکی زۆر نـین. لایەنـە جیاجیـاکان دەوڵەتێـکی کاتی دادەمەزرێنـن. کرینسـکی دەبێتـە سـەرۆك وەزیـر. ئـەوکات نیکـۆلای دووەم پێشـوەخت دەسـتی لەکارکێشـایەوە.

دیـارە لینـین لـە مانگـی ٤دا بـە شـەمەندەفەرێکی ئەڵـمانی دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕووسـیا. ئالێرەدایـە کـە نەیـارەکان لینـین وەك خیانەتـکار

و داردەسـتی ئەڵمانیـا دادەنێـن. دیـارە لینـین خیانەتـکار نەبـوو، تاکتیـکی هەبـوو. دەیویسـت شـۆڕش بتەنرێتـەوە بـۆ هەمـوو وڵاتـانی ئەوروپـا و خـودی ئەڵمانیـاش. ئەڵمانـەکان دژی ڕووسـیا بـوون و دەیانویسـت سـود لـە ئۆپۆزسـیۆن ببـین بـۆ ئـەو دژایەتیکردنـە. لینـین و بەلشـەفیکەکانی هاوڕێـی بـەردەوام درووشـمیان دژی بەردەوامبـوونی جەنـگ دەوتـەوە. سـوپای ڕووس مانـدووە و هـەر لـە بـەرەکانی جەنگـە. درووشـمی سـەرەکیی بەلشـەفیکەکان ئەمـە بـوو: دەسـەڵاتی تـەواو بـۆ شـوراکان(چونکە شـوراکان لەخەڵـکی ڕەنجـدەر و دەسـکورت درووسـتببوو و ڕاکێشـانی سـەرنجی ئەوانیـش بـوو). ئـەوان سـەرکردایەتیی کۆمەڵێـك خۆپیشـاندانیان کـرد دژی جەنـگ و دژی دەوڵەتـە کاتییەکـەی کیرنسـکییش. دەوڵەتـە کاتییەکـە لـە ئاسـتی چاوەڕوانییـەکانی خەڵکدانەبـوو، بەتایبـەت ئـەم سـێ کێشـەیەی بـۆ چارەنەدەکـرا:

١) چاکسازیی زەوی

٢) قاتوقڕی و برسێتی

٣) جەنگ وماندووبوونی سەربازەکان لە بەرەی جەنگ.

**پ: زەمینەی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر چی بوو؟ ئەگەر بکرێت تۆزێك لەسەر ڕوودانی شۆڕشەکەش بوەستێ...**

و: پـاش ئـەوەی شـۆڕشی ئۆکتۆبەمـان بەسـت بـە سـیاقی مێژوویـی وڵاتێکـەوە، ئێسـتا باشـترە پێگـەی ئـەم شۆڕشـە لـە مێـژووی جیهانـدا لەیادنەکەین(یـان وەك ئـەوەی کـە هیـگڵ پێی‌دەڵێـت ڕۆحـی جیهـان). شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر لەنـاو مێـژووی جیهانـدا، پێگەیـەکی تایبـەتی هەیـە. شۆڕشـەکە هـەر هەوڵێـك نیـە بـۆ دابـڕان لـە مێـژووی کەمتـازۆر تـازەی بـۆرژوازی، بەڵکـو هەوڵـە بـۆ دابـڕان لـە کـۆی مێـژووی چینایـەتی و گەڕانـەوە بـۆ هەندێـك «دەسـپێکی دێریـن لـە سـەردەمێکی ئاڵۆزتـر»دا. واتـە لابـردنی ئـەو بـارە نەرێنـی و چینایـەتی و نایەکسـانانەی کـە چەنـد هـەزار سـاڵێکە مێـژووی بـارگاوی کـردووە و پێشـتر بـەو جـۆرە نەبـووە. ئیـدوارد ڕادزینسـکی، لـە کتێبەکـە گەورەکەیـدا دەربـارەی خەبـاتی سـتالین دیمەنێـکی نیمچەخەیاڵـی دەگێڕێتـەوە کـە چـۆن بەلشـەفیکەکان خەونیـان بـە مێژوویـەکی تـەواو تـازەوە بینیـوە. بـاسی ئـەوە دەکات کـە پـاش سـەرکەوتنی شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر هەسـتیاندەکرد شـتێکی خەیاڵـی ڕوویـداوە. ئـەو یۆتۆپیایـە هاتبـووەدی کـە پێشـتر لـە دانیشـتن و مەجلیسـەکانی خۆیانـدا باسـیان دەکـرد. بڕیاریاندابـوو لەسـەر بنەمـای ئارەزووەکانیـان، دونیایـەکی تـازە درووسـتبکەن و لەمەشـدا دەسـتوبردی لـێ بکـەن و خاووخلیچـکی نەنوێنـن. بۆنمونـە، کۆمەڵگایـەکی بـێ چـین درووسـتبکەن، پـارە پووچەڵبکەنـەوە، وردەوردە دەوڵـەت بپوکێننـەوە و هەڵیوەشـێننەوە، بەیەکسـانی سـەروەت دابەشـبکەنەوە. خەیاڵیـان بـەوەوە دەکـرد کـە یەکسـەر دوای شـۆڕش پێ‌بخەنـە نـاو سۆسـیالیزمەوە و لێرەشـەوەیە لینـین دەڵێـت: ئەوەتـا سۆسـیالیزم لـە بەینـی پەنجـەرەکانی سـەرمایەدارییەوە چـاوی بڕیوەتـە چاومـان. لای سـەرانی بەلشـەفیك، لینـین و سـتالین و کامینـۆڤ و ترۆتسـکی و مۆلۆتـۆڤ و زینۆڤیـڤ و هتــدەوە، شـۆڕش پەنجەرەیەکـە بـۆ هاتنەدیـی خێـرای سۆسـیالیزم و پێیانوابـوو لـە دەیـەی ١٩٢٠دا دابڕانێـکی گـەورە دەخەنـە نـاو مێـژووی مرۆڤایەتییەوە(لانیکـەم سـەرەتا لـە پارچەیـەکی سـەر زەوییـدا). ئەدیبـەکان کاتێـك مێـژووی شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر دەکەنـە پلـۆتی ئیشـکردن، بڕێـك زیاتـری پێـوە دەنێـن و شـتەکە وەك توانجێـك لێدەکـەن. گوایـا بەلشـەفیکەکان، خەونیـان بەوەشـەوە دەبینـی دونیایـەك درووسـتبکەن کـە هەمـوان بەنـۆرە بننـە سـەرۆك، ئیـدی لـە کارەکەرێـکی ماڵەوە(کـە پێگەیـەکی چینایەتیـی کۆنـترە) بیگـرە تـا دەگاتـە کرێکارێك(کـە دیسـان سـەر بـە دابەشـکاریی چینایەتیـی پێـش شۆڕشـە).

لێرەدا ویسـتم خاڵێـکی فیکـری باسـبکەم: شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر تەنیـا لـەوەدا کورتنابێتـەوە کـە زەمینەیـەکی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و مێژوویـی هەبـوو و شـۆڕشی لـێ کەوتووەتـەوە. ئەمـە کورتکردنـەوەی ئـەو خەونـە گەورانەیـە کـە ڕێبـەرانی شـۆڕش خەونیـان پێوەدەبینـی. ڕەنگـە لەخـوارەوە لەنـاو چـین و توێـژە جیاجیـاکانی کۆمەڵـگادا هەلومەرجێـکی کۆنکرێتـی و نالەبـار هەبووبێـت و زەرورەتی شـۆڕشی ڕەخسـاندبێت، بـەڵام شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر لـەم خواسـتە ڕۆژانەییانـە تێدەپەڕێـت و هاوشـانی ئـەم خواسـتانە کۆمەڵێـك خـەونی تـازە و جیاوازیـشی پێیـە. خـۆ دەکـرا لەجیاتیـی شۆڕشـێکی دیکـەی بۆرژوا-دیموکراتیـك لـە ڕووسـیا ڕوویبدایـە، تەنانـەت بەشـێك لـە خواسـتەکانی خەڵکیـشی هەڵگرتایـە؛ بـەڵام شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر هـەم ئـەو خواسـتانە لەخۆیـدا هەڵدەگرێـت و هـەم دەیەوێـت ڕەهەندێـکی یۆتۆپـی و نوێـش بێنێتـە نـاو ژیـانی مرۆڤـەوە.

هەمـوو دەزانـین زەمینـە کۆنکرێتییەکـەی درووسـتبوونی شـۆڕش، کۆمەڵێـك هـۆکار بـوو: سـتەمی لەمێژینـەی قەیسـەرەکان، شکسـتی حکومەتەکـەی کرینسـکی کـە لەمانگـی شـوباتی ١٩١٧دا نەیتـوانی دۆخـی خەڵـکی ڕووسـیا بـەرەو باشـتر ببات(کـە پێـی دەوترێـت شـۆڕشی

شـوبات و شۆڕشـێکی بـۆرژوا دیموکراتیـك بـوو و کۆتایـی بـە ٢٠٠ سـاڵ حکومڕانیـی بنەماڵـەی ڕۆمانۆفـەکان هێنـا و مەنشـەفیکەکان تیایـدا باڵادەسـت بـوون نـەك بەلشـەفیکەکان چونکـە سـەرانی بەلشـەفیك لـە تاراوگـە بـوون)، شەڕوشـۆڕ و دەرگیربـوونی سـوپا لـە شـەڕی جیهانیـی یەکەمـداو ماندووبـوونی سـەربازەکان، نەبـوونی نـان و خـۆراك و سـوتەمەنی، کێشـەی زەوی و زاری جووتیـاران و چاکسـازیی زەوی، سـتەمی پۆلیـس و مانگرتنـی کرێـکاران و  هەژمـوونی زۆری ڕۆحانییـەکان لـە کاروبـاری خەڵکـدا، هتـد.

ئەوانـە هـۆکارە بابـەتی و ئۆبێکتیڤـەکان بـوو، بـەڵام کۆمەڵێـك هـۆکاری زاتی و سـوبێکتیڤیش هـەن. هـەر ئـەم کۆمەڵـە هـۆکارەی دووەم بـوو کـە بـە مانایـەك لـە مانـاکان شـۆڕشی ئۆکتۆبـەری درووسـتکرد. چونکـە لینـین و بەلشـەفیکەکان چاوەڕێـی دۆخـی بابـەتی نەبـوون شـۆڕش درووسـتبکات، بەڵکـو خۆیـان تەکانێکیـان بـە مێـژوو دا و بەپێچەوانـەی مەنشـەفیکە ڕکابەرەکانیانـەوە، باسـیان لـە حیـزبی پێشـەنگ دەکـرد. هـەر لـە سـەرەتاوە بەلشـەفیکەکان پێیانوابـوو دەبێـت ئیشـبکرێت بـۆ حیزبێـکی شۆڕشـگێڕی پیشـەیی.

پـاش خراپیـی ئـەدای حکومەتـە کاتییەکـە، خۆپیشـاندانەکانی خەڵـك لـە زۆربوونـدا بـوون. حکومەتـە کاتییەکـە، کەوتـە هێرشـکردنە سـەر بەلشـەفیکەکان. لینـین بڕیـاری دەسـگیرکردنی بـۆ دەرچـوو، بـەڵام خـۆی شـاردەوە. لێـرە و لـەوێ غەڵبەغەڵـب دەبیسـترا دەربـارەی ڕاپەڕینـی چەکـداری دژی حکومەتـە کاتییەکـەی شـوبات. لینـین پێداگریـی دەکـرد کـە دەسـەڵات بکەوێتـە دەسـتی شـوراکان و ئـەم ئەرکـەش بەهـۆی حیزبـەوە ڕاپەڕێنێـت. لینـین لـە مانگـی ئایـاردا دەگەڕێتـەوە. تێزەکانتـی ئایـار یـان ئەپرێـل دەنوسـێت کـە کۆمەڵێـك تێـزی نـاودارن. لـەو دەمـەدا زۆرێـك بـە شـێتی دەزانـن. ئـەم تێزانـە چـۆن بـۆ ئـەم دۆخـە دەگونجێـت. تەنانـەت بۆگدانـۆڤ کـە لەنـاو حیزبەکـەی خۆیـدا بـوو، ئـەم تێزانـە ناودەنێـت وڕێنـەکانی شـێتێك. بەپێـی ئـەم تێزانـە: دەبێـت بەرگـری لـە جەنـگ و دەوڵـەت نەکەیـت، دەبێـت دەسـەڵات بدەیتـە دەسـتی کرێـکار و جووتیـار، دەبێـت کۆمـاری پارلەمـانی بگۆڕیـت بۆکۆمـاری شـورایی، دەبێـت پۆلیـس و سـوپا و کەمینـەی حاکـم هەڵوەشـێنەوە و ڕاسـتەوخۆ پەیوەسـتبکرێنەوە بـە خەڵکـەوە، دەبێـت موڵکـە گـەورەکان زەوت بکرێـت و بدرێتـە دەسـتی شـورای کرێـکاری، دەبێـت نـاوی بەلشـەفیك بەڕاشـکاوی بگۆڕدرێـت بـۆ حیـزبی کۆمۆنیسـت.

سـاتی شـۆڕش دەگات. شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر کـە بەهـۆی مانگـی ئۆکتۆبـەرەوە نـاوی دەرکـردووە، بەپێـی ڕۆژمێـری ئـەوکاتی ڕوسـیا ئۆکتۆبـەر واتـە ١٠ بـووە، گەرنـا لـە سـەرەتاکانی مانگـی ١١دا ڕوودەدات. کـۆی شۆڕشـەکە ١٠ ڕۆژ دەخایەنێـت، گەرچـی شـەوی یەکـەم زۆرینـەی شـوێنە گشـتییەکانی دەوڵـەت لەکاردەکەوێـت. زۆرێـك لـە سـەرچاوەکان دەڵێـن تەنیـا ٨ کـەسی تیـا دەکوژرێـت. هـەر لەبـەر ئەمەشـە کـە هەندێـك دەڵێـن ئـەوە شـۆڕش نەبـووە، بەڵکـو کودەتایـەك بـووە بەسـەر حکومەتـە کاتییەکـە و شـوراکاندا.

سـەرەتاکانی مانگـی ئۆکتۆبـەرە. بەلشـەفیکەکان لـە خوتبـە و قسـەکردنی بەردەوامـدان بـۆ خەڵـك. خەڵـك چەکداردەکـەن و بەشـێك لـە سـەربازان و دەریاوانـەکان دێنـەوە بـۆ شـۆڕش. حکومـەت ڕۆژنامەکانیـان دادەخـات. ترۆتسـکی کرابـووە سـەرۆکی شـورای پیترۆگـراد. بەلشـەفیکەکان ئـەو چەنـد شـەوەی سـەرەتا هـەر خەریـکی کۆبوونـەوەن بـۆ ڕێکخسـتنی کۆنگـرەی دووەمـی شـوراکان. شـوراکان سـاڵەهایەك بـوو هێـزی کرێـکار و سـەرباز بـوو. وزەیـەکی گرنـگ بـوو بـۆ بەلشـەفییەکان. مەنشـەفیکەکان و سۆسیالیسـتەکانی تـر بەسـامەوە لـە لینـین دەڕوانـن و ناکۆکـن پێیـشی، لینینیـش حەزنـاکات لەگەڵیـدا بێنـە دەسـەڵاتەوە. دیـدی ئـەوان تـۆزێ مەیلـەو بـۆرژوازی بـوو. بەهەرحـاڵ شۆڕشـەکە لـە پیترۆگـرادەوە لـە شـەوی ٢٥/٢٤ی ئۆکتۆبـەرەوە دەسـت پێـدەکات. پیترۆگـراد پێشـتر نـاوی پیترزبـۆرگ بـوو، بـەڵام قەیسـەری پێشـوو لەداخـی ئەڵمانییەکانـدا بۆرگەکـەی لێکـردەوە کـە پاشـگرێکی ئەڵمانییـە و لـە هەنـدێ نـاوی وەك هامبۆرگـدا هەیـە. پەلامـاری کۆشـکی زسـتانە دەدرێـت و بەشـێکی زۆر لـە وەزیـرەکان دەسـگیردەکرێن. شـەوی ٢٥/٢٤ بڵێسـەی شـۆڕش هەڵدەگیرسـێت. خەڵکـە شۆڕشـگێڕەکە بـەرەو کۆشـکی زسـتانە دەکەونـەڕێ. کۆشـکی زسـتانە شـوێنی کۆبوونـەوەی حکومەتـە کاتییەکـە بـوو لـە پیترۆگـراد. کرینسـکی لـە کۆشـکەکەی ڕادەکات، بـەڵام کۆشـکەکە جـاریٚ داگیرناکرێـت. هەروەهـا خەڵکەکـە بانـکی دەوڵـەتی، نوسـینگەکانی پۆسـت و تەلەگـراف، سـکە و ڕێـگاکانی ئاسـن داگیردەکـەن. لـە مۆسـکۆ و شـارەکانی تریـش خەڵـك بەچەکـەوە ڕادەپـەڕن. لـە لادێـکان جوتیـاران بەردەبنـە گیـانی خـاوەن زەوییـەکان و زەوییـەکان داگیردەکەنـەوە. کۆمیتـەی ناوەندیـی حیـزبی بەلشـەفیکەکان دەمەوبەیـانی کۆبوونەوەیـەکی نائاسـایی ڕێکدەخـەن و بـیر لـە پێکهێنـانی خێـرای دەوڵەتـە نوێیەکـە کرایـەوە. کۆبوونەوەکـە بـە دەسپێشـخەریی میلیوتـن کـرا، کـە چەنـد شـەوێك بـوو نەخەوتبـوو، میلیوتـین لـە کۆمیتـەی ناوەنـددا تۆزێـك ڕاسـتڕەو بـوو. ئەمـە دەیسـەلمێنێت هێشـتا شـتەکە سـەد لـە سـەد بەدەسـتی لینینـەوە نیـە. پاشـان داوا لـە لینـین دەکـەن بەیاننامـەی کۆمیتـەی سەربازی/شۆڕشـگێڕانە بنوسـێت. لینینیـش دەینوسـێت و داوا لـە کاربەدەسـتێکی بـاڵای کۆمیتـەی ناوەنـدی، بەنـاوی ڤلادیمێـر برۆڤیـچ دەکات سـەعات ١٠ بـڵاوی بکاتـەوە. لـە بەیاننامەکـەدا هاتـووە:

((بۆ هاوڵاتیانی ڕووسیا:
دەوڵەتە کاتییەکە ڕووخاوە. دەسەڵاتی دەوڵەت گوازراوەتەوە بۆ دەستی هەریەکە لە ئۆرگانی شورای نوێنەرانی کرێکاران و سەربازانی پیترۆگراد، کۆمیتەی سەربازی/شۆڕشگێڕانە...ئەو ئامانجانەی کە خەڵك شەڕیان بۆ کردووە بریتین لە پێشنیارێکی خێرا بۆ ئاشتییەکی دیموکراسییانە، هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی خاوەن زەوییە گەورەکان، پیادەکردنی چاودێریی کرێکاران بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە، دروستکردنی حکومەتێکی شورایی، ئەم ئامانجانە بەسەرکەوتوویی هاتۆتەدی. بژی شۆڕشی کرێکاران، سەربازان و جووتیاران!)).

دیارە داگیرکردنی «کۆشکی زستانە» لەوە زیاتر دەخایەنێت کە لینین و کۆمیتەی سەربازی/شۆڕشگێڕانە چاوەڕوانی دەکەن. لینین لە تووڕەییدا دەڵێت: ئەرێ بۆ ئەوەندە درێژی دەکەنەوە؟ فەرماندە سەربازییەکانمان خەریکی چین؟ ئەم هەموو گەمارۆ و هێنان و بردنی هێز و مەسیرە و جوڵە لۆجیستیکییەی بۆچییە؟ زووتر بڕۆن و کۆتایی بە شتەکە بێنن.

دیارە ڕێکخەرانی کۆنگرەی دووەمی شوراکانی پێشر دیسان کۆدەبنەوە. شوراکان بۆ ئەوکات ڕەقەم بوون، ئەوەی هێزی شوراکانی بەدەست بهێنایە دەبووە زۆرینە. کۆنگرە ٦٧٠ ئەندامی هەبوو، ٣٠٠یان بەلشەفیك بوون. لینین خواخوای بوو ئەندامانی مەنشەفیکەکان و سۆسیالیستەکان لە کۆنگرەی شوراکان برۆنەدەرێ. چونکە تازە شۆڕش قەوماوە و دەیەوێت دەسەڵات بۆ بەلشەفیکەکان بێت تاکو بەرنامە کۆمۆنیستییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. مەنشەفیك وسۆسیالیستەکانی تر بەو توندوتیژییانە مورتاح نەبوون کە لە پیترۆگرادی پایتەخت ڕوویدابوو. مارتۆڤی مەنشەفیکی داوادەکات دانوستانی ئاشتییانە بکرێت و واز لەم توندوتیژییانە بهێنرێت(مەبەستی لەگەڵ حکومەتە کاتییەکەدا کە تەقریبەن ڕووخاوە). بۆیە لە شەوی کۆبوونەوەکەدا ئەوێ جێدێڵن. ئەو ڕۆژ و شەوە کە شۆڕش دەستی پێکردووە لینین خۆی زۆر پیشان نەدەدا. چونکە نەیدەویست وادەرکەوێت توندوتیژییەکانی شۆڕش لە بن سەری ئەوەوە دێت. لینین وەك هێمای شەڕەنگێزی و زەبروزەنگ ناسرابوو، تەنانەت لەناو حیزبەکەی خۆیشیدا. نەچووە کۆبوونەوەکەش. ترۆتسکی لەوێ بوو. پاش هەستانی مەنشەفیك و سۆسیالیستەکان، ترۆتسکی کۆمەڵێك قسەیان پێدەڵێت، لەوانە: خەڵك هاتنەژێر ئاڵاکەمانەوە و ڕاپەڕینەکەمان سەرکەوت...کەچی تازە ئێوە پێمان دەڵێن: چاو لە سەرکەوتنەکەتان بپۆشن، تەسلیم بن، تەنازول بکەن، لێتان دەپرسم ئاخر لەگەڵ کێ بیکەین؟ لەگەڵ ئەو گرووپە بەدبەختەی کە جێیانهێشتین، یان ئەوانەی کە ئەم پێشنیارەمان دەدەنێ. لە ڕووسیا چیتر کەس لەگەڵیاندا نیە. بەوانەی کە جێیان هێشتین و بەوانەشی پێشنیارەکە دەکەن دەڵێین: ئێوە کۆمەڵێك تێکشکاوی داماون، سەردەمی ئێوە بەسەرچووە، بڕۆنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتوون، بڕۆنەوە بۆ زبڵدانی مێژوو!

ڕۆژ و شەوی دواتر لینین لە کۆنگرەی شوراکان دەردەکەوێت. بە ڕێز و تەقدیرێکی گەورەوە پێشوازیی لێ دەکرێت. کۆنگرەی شوراکان بووە بنچینەیەك تاکو بەلشەفیکەکان وەك زۆرینەیەك حکومەتە تازەکەیانی پێ دروستبکەن. لینین لەوێدا دەڵێت: دەمانەوێت حکومەتێك دروستبکەین کە لە ئامانجەکانی هەر حکومەتێکی تری دونیا جیاوازبێت. لینین لە سەرەتاوە تۆزێك خۆی لە وشەی مارکسیزم پاراست. ئەو هێرشە توندانەی کەمکردەوە کە کردبوویە سەر مەلا و قەشە و ڕۆشنبیر و مالیك و خاوەن کارگە و لیبراڵەکان. دەیویست بەلشەفیکەکان بۆ ئەوانەش سەرنجڕاکش بێت کە هاوسۆزییان بۆ دەرنەبڕیبوون. حکومەتە نوێیەکەی سۆڤیەت دروستکرا(سۆڤیەت واتە شورا). کۆنگرە بەخۆشحاڵییەوە قبوڵیکرد. لینین کرا بە سەرۆك. ترۆتسکی کرا بە کۆمیسەری کاروباری دەرەوە و ستالینیش کرا بە کۆمیسەری کاروباری نەتەوەکان. وەزیرە نوێیەکان چوونە باڵاخانە کۆنەکانی پێشووەوە. مەنشەفیك و سۆسیالیستەکانی تر بەتوانجەوە باسی بێ ئەزموونیی کاربەدەستانی بەلشەفیکیان دەکرد لە بەڕێوەبردندا. دواتر سۆڤیەت لە ١٢ کۆماری گەورە و ٢٥ ناوچەی ئەتۆمی پێکهات. یەکێتیی سۆڤیەت واتە یەکگرتنی ئەم سۆڤیەت و شورایانە.

**پ: شەڕی ناوخۆ کەمێك پاش شۆڕش هەڵدەگیرسێت، ئەوە چۆن بوو؟**

دەوڵەتە غەربییەکان ویستیان لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، واتە لە ساڵی ١٩١٨ەوە ئەڵمانیا بەربدەنەوە گیانی ڕووسیا. بەڵام بەلشەفیکەکان خۆیان لە شەڕ دەپاراست. دیارە هەموو شۆڕشێك دژەشۆڕشیشی هەیە. هێزێك دروستبوو لەناو ڕوسیادا بەناوی هێزی سپییەکان. ئەمانە کۆمەڵێك دژەشۆڕش بوون کە بریتی بوون لە پاشماوەکانی قەیسەر، ناسۆنالیستە ڕووسەکان، دەسکیسەکارانی وڵاتانی ئەوروپی. لەولاشەوە وردەمالیکەکان(کۆلاکەکان یاخود جوتیارە دەوڵەمەندەکان یان سەوزەکان) بەرهەمی

خۆیانیـان بـە دەوڵـەت نەدەفرۆشـت و ئەمـەش سەرێشـەی بـۆ بەلشـەفیکەکان درووسـتکردبوو. جەنگەکـە لـە سـاڵی ١٩١٨ تـا ١٩٢١ی خایانـد.

سـوپای ڕووسـیا بەهـۆی وازهێنـانی سـەربازەکانەوە لـە خزمـەتی سـەربازی، پوکایـەوە. ئەڵمانیـاش بەئاسـانی هاتەنـاوەوە و کۆمەڵێـك زەویـی زۆری داگیرکـرد. بەلشـەفیکەکان لەلایـەك بەدەسـت کۆمەڵێـك کێشـەی ناوخۆیـی خەڵکـەوە گیریـان خواردبـوو، وەك نـان و بژێـوی، بۆیـە نەدەکـرا شـەڕێکی دەرەکییـش هەڵگیرسـێنن. لینـین بـۆ ئـەوەی شۆڕشـەکە لەبارنەچێـت، لـە مانگـی مـارسی ١٩١٨ ڕێکەوتتنامـەی (لیتۆفیسـك) قبوڵـدەکات لەگـەڵ ئەڵمانیـا. دواتـر لینـین لـە مانگـی ئـابی ١٩١٨دا لـە کارگەیەکـدا تەقـەی لێدەکرێـت بـەڵام نامرێـت. ترۆتسـکی سـوپای سـوور دادەمەزرێنێـت. ئـەم سـاڵانە دەسـتی پۆڵایینـی بەلشـەفیکەکان خـۆی دەردەخـات دژ بـە نەیارانی شـۆڕش. سـێ لەسـەر چـواری خـاکی ڕووسـیا بەدەسـتی دژەشۆڕشـەکانەوە بـوو. خـۆراك و چـەك کـەم ببـووەوە و دەوڵەتـە پرۆلیتارییـە نوێیەکـە گۆشـەگیر کرابـوو. شـەڕی ناوخـۆ وڵاتی تاڕادەیـەك وێرانکـرد. ڕێـگاکانی نێـوان ناوەنـدەکانی بەرهەمهێنـانی کەرەسـتەی خـۆراکی و سـوتەمەنیی بـڕی لەگـەڵ کەرەسـتەی خـاوی ناوچـەکانی تـردا. زۆرێـك لـە کارگـەکان داخـران و سیسـتەمی گواسـتنەوە و گەیانـدن و هاتوچـۆ زەرەری زۆری لێکەوتبـوو. بۆیـە بەلشـەفیکەکان خۆیـان چاودێریـی بەرهەمـی وەرزێـرەکانی لادێیـان دەکـرد.

**پ: دەسـکەوتەکانی شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر، و پاشـانیش وانـە سـەرەکییەکانی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر چـین بـۆ تێکۆشـانی ئەمـڕۆ و ڕووبەڕووبوونـەوەی هـەژاری و شـەڕ و تیـرۆرو تێکدانـی ژینگـە؟**

و: شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر هـەر لەگـەڵ سـەرکەوتنیدا، ئاسـۆی بەسـەر کۆمەڵێـك گۆڕانکاریـی جیاجیـادا کـردەوە و دەتوانـین بەکـورتی ئاماژەیـان بـۆ بکەیـن.

١) لـە ڕۆژەکانی سـەرەتای سـەرکەوتنەوە، لینـین کۆتایـی بـە بەشـداریی ڕووسـیا هێنـا لەجەنگدا(لـەم کشـانەوەیەدا بەشـێك لـە خـاکی ڕووسـیایان دابەدەسـتی ئەڵمانـەکان. ئەمـە وەك خیانـەت ناودەبرێـت. بـەڵام لینـین دەڵێـت: گـەر جەردەیـەك بێـت بتکوژێـت، بـەڵام بـە پاڵتاوەکـەت ڕازی بێـت، ئـەوا ناچاریـت پاڵتاوەکـەتی پێبدەیـت. ئێمـەش وامانکـردووە).

٢) سـوپای ڕووسـیا لـە داگیرکاریـی وڵاتـەکان کشـایەوە. بۆنمونـە ترۆتسـکی داوادەکات سـوپای ڕووسـیا لـە ئێـران بکشـێتەوە. واتـە مـافی چـارەی خۆنوسـینی دا بـە گـەلان.

٣) زەوییەکانی لە زەمینداران و کڵێسا سەندەوە.

٤) عەزێتـدانی جولەکـەکان هەڵگـیرا. ئـەوکات ڕەگەزپەرسـتی لـە ئەمریـکا تەنانـەت بـە یاسـاش هەبـوو، لەنێـوان ڕەش و سـپیدا، بـەڵام لـە سـۆڤیەت نەمـا. خوێنـدنی خۆڕایـی بـۆ کەمینـەکان کـرا بـە یاسـا. زمـانی دایکیـان دەخوێنـد. پـارە بـۆ کتێـب و گۆڤـار و بڵاوکراوەکانیـان تەرخاندەکـرا.

٥) دەستی کڵێسای بڕی لە دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژن و مناڵدا. جیابوونەوە کرا بە مافێکی ئاسایی.

٦) لەباربردنی کۆرپەلە کە تا ئێستا بەتەواوی یەکلانەبۆتەوە، لە سۆڤیەتدا وەك شتێکی یاسایی ڕاگەیەنرا.

٧) ئازادکردنی پەیوەندیی هاوڕەگەزبازی و هۆمۆسێکسواڵ.

٨) حکومـەت پـارە و بوجـەی تەرخانکـرد بـۆ ڕێکخـراوە ناوخۆییـەکانی ژنـان. لـە کۆمـارەکانی ئاسـیای ناوەڕاسـتدا پیاوسـالاری و زەواجـی پێشـوەختە و مارەیـی و دەیـان نەریتـی خراپـی تـر زاڵ بـوو. پێویسـتی بـەم خەباتـە بـوو.

٩) خەبـات دژی حیجـاب و باڵاپـۆشی ڕێکخـرا و ژنـان نێردرانـە ناوچـە جیاجیـاکانی سـۆڤیەت بـۆ خەباتکردن(زۆرجـار تـووشی ڕووبەڕووبوونـەوە دەبوونـەوە).

١٠) سزای سێدارە و مردن هەڵوەشایەوە.

١١) کرێی یەکسان بەرامبەر بە کاری یەکسان پەیڕەوکرا.

١٢) ئازادیی بیروڕا و بڵاوکراوەکان لەوپەڕی خۆیدا بوو.

١٣) هونەر و بیناسازی و تەندرووستی و گرافیك و هتد ڕەونەقێکی گەورەیان تێکەوت و بەرەو پێشەوە چوون.

شـتی زۆر لەسـەر ڕووە ئیجابییـەکانی شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر نـوسراوە، چ لەڕێگـەی ڕۆمـان و سـەفەرنامە و نوسـینی ڕۆژنامەوانییانـەوە

بێــت، چ لەڕێگــەی بــەراوردی فیکــری و شــیکردنەوەی مێژووییانــەوە بێــت. بۆنموونــە فەیلەســوفێکی نــاوداری وەك «بێرترانــد ڕاســڵ» پــاش ســەرکەوتنی شــۆڕشی ئۆکتۆبــەر ســەردانێکی ســۆڤیەت دەکات و دواتــر ســەفەرەکەی دەکاتــە کتێبێــك. لەوێــدا پــاش باســکردنی هەندێــك ســەختی و زەحمــەتی ژیــانی ڕۆژانــەی خەڵــك، پەنجــە دەخاتــە ســەر زۆر ڕووی گــەشی ژیانیــش کــە بەهــۆی بەلشــەفیکەکانەوە ڕەخســابوو. دەگێڕێتــەوە لــەوێ بێنەزمــی بــوونی نیــە و هەشــبێت زۆر کەمــە، تــاوان کەمــە، شــانۆ و ئۆپێــرا و بالــە دەگوزەرێــن و جێــی ستایشــن. کەســانی مەســت و لاکەوتــە نابینرێــن و هەشــبن هەســت بــە شــوێنەوارەکەی ناکرێــت، لەشــفرۆشی لــەوێ و لــەو دۆخــە ستەختەدا بــەراورد بــە هــەر پایەتەختێــکی تــری بــۆرژوازی کەمــترە و دەســتدرێژی بــۆ ســەر ژنــان و عەزێتــدانی ژنــان لــە هــەر شــوێنێکی تــری دونیــا کەمــترە. ڕاســڵ پــاش بینینــی ئــەو ئەزموونــە، دەڵێــت: تێکــڕا هەســت بــە کۆمەڵگایــەکی مونــەزەم و ڕێــك و پاکــژ دەکــرا.

لــە ئاســتە فەلسەفییەکەشــیدا، شــۆڕشی ئۆکتۆبــەر شــەبەقێکی لەنــاو مێــژوودا درووســتکرد کــە هەرگیــز کوێرناکرێتــەوە و داناخرێــت. بەلشــەفیکەکانیش ئــەو پێشــەنگە شۆڕشــگێڕە بــوون کــە کۆمەڵێــك چەمــکی گرنگییــان لــە واقیعــدا ســەلماند وەك بەرپرســیاری و بــردنی هۆشــیاری بــۆ نــاو خەڵــکی ســتەملێکراو. لای بەلشــەفیکەکان کۆمەڵــگا هەرگیــز وەك یەکەیــەك پێکــەوە هۆشــیارنابێتەوە. کۆمەڵــگا پــڕە لــە شــوناس و دابڕینــی جیاجیــا، پــڕە لــە وردەهەژمــوونی دەســەڵات. ئــەوە ڕۆشــنبیران و شۆڕشــگێڕە پرۆفیشــناڵەکانن کــە دەبێــت ئــەو ئەرکــە بگرنــە ئەســتۆ. دیــارە ئەمــە تەنیــا پەیوەندیــی بــە دۆخــی هۆشــیاریی ئــەوکاتی خەڵــکی ڕووســیاوە نیــە، بەڵکــو لــە هەمــوو ســەردەمێکدا هــەر وایــە. لەگــەڵ هەڵکشــانی هۆشــیاریی بــاودا، جۆرێــك لــە بێئاگایــی و هەیمەنــەی ســتەمکارانەش هەڵدەکشــێت و خەڵــك بەتەنیــا ناتوانــن درکی بکــەن و بیکەنــە کەرەســتەی خەبــات و بەرەنــگاری. لــە کۆمەڵــگادا ڕەنگــە بەرەنگارییــەکی ســەرەتایی درووســت ببێــت، بــەڵام هێشــتا بەرەنگارییــەکی خۆڕســك و غەریزییــە و ڕێکنەخــراوە. بەلشــەفیکەکان(و بەتایبــەت لینــین)، پێیانوابــوو کــە پارتێــکی پێشــەنگ پێویســتە و دەبێــت هاوشــانی خەڵــك، بــەرزی و نزمییــەکان پیشــانی خەڵــك بــدات. واتــە مەســەلەکە تەنیــا هۆشــیاری و ئاگایــی ڕووت نیــە، بەڵکــو چاودێــری و ڕێکخســتنی بەردەوامــی خەباتیشــە. دەبێــت نوێنەرێــکی کۆنکرێتــی هەبێــت، ئامانجــەکانی خەڵــك بنوێنێتــەوە. ئــەو ئامانجانــەی کــە بیــنراو و هەســتپێکراوە و ئــەو ئامانجانــەشی کــە نەبیــنراوە و پێویســتە ســەرنجی خەڵــکی بخرێتەســەر و فێربکرێــن بەدیلێــکی تــر بــوونی هەیــە و کامــەش وردەکارییەکانێتــی. لــەم ڕووەوە، بەلشــەفیزم لــەڕووی چەندێتــی و چۆنیەتییشــەوە، دیاردەیــەکی تــازەی نــاو سیاســەتی هاوچەرخــە.

**پ: شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

و: دەقیــق نازانــم مەبەســت لــە شکســتی شــۆڕشی ئۆکتۆبــەر چیــە. ئــەم شۆڕشــە لــە ئاســتە فەلســەفییەکەیدا شکســتی نەخــواردووە. هــەر ئــەوەی خەریکــین قســەی لەســەر دەکەیــن، مانــای ئەوەیــە شکســتی نەخــواردووە. مانــای ئەوەیــە هێشــتا ئاســۆکانی ئیشــدەکەن و زۆر ماتــەوزە و پۆتانشــێڵی گرنگــی تیایــە بیچرکێنــین و پــەرەی پــێ بدەیــن. ئــەو دیدگایــە بــۆ شکســت، دیدگایــەکی کورتبینانــە و میکانیکییــە. وەکچــۆن شۆڕشــەکە بەســەریەکەوە ســەرنەکەوت، بەســەر یەکیشــەوە شکســتی نەخــواردووە. بەســەریەکەوە هەڵســەنگاندنی شــتێك، زیــانی زۆر بــەو شــتە دەگەیەنێــت. دەتوانــین لەنێــوان ســەرکەوتن و شکســتدا، بۆشــاییەك بدۆزینــەوە. هــەر ئــەوەی کــە دەوترێــت «شــۆڕشی ئۆکتۆبــەر بەتــەواوی ســەرنەکەوت»، بــەو مانایــە دێــت کــە هێشــتا درێــژەی هەیــە. پێویســتی بــە ســەردەمی تــر و بکــەری تــرە درێــژەی پــێ بــدات. درێژەدانەکــە، کۆپیکردنــەوە نیــە. لــە هیــچ مێــژوو و جوگرافیایــەکی تــردا، ناتوانــین ســەد لــە ســەد شــۆڕشی ئۆکتۆبــەر کۆپــی بکەیــن. ئــەوەی هەیــە ڕاکێشــان و فراوانکردنــەوە و بەکارهێنانەوەیــەتی لــە ســیاقێکی تــردا. هــەر ئەزموونێــك لــە ســیاقێکی تــردا، لێکــەوت و جێکــەوتی تــری دەبێــت.

گــەر مەبەســتیش لــە شکســتی ئۆکتۆبــەر، هاتنــی دەســەڵاتی ســتالینییە، ئــەوا دەتوانــین بڵێــین ســتالین خــۆی یەکێــك بــوو لــە ئیمــکان و پۆتانشــێڵەکانی شــۆڕشی ئۆکتۆبــەر. ســتالین نــاوی یــەك کــەس نیــە، بەڵکــو نــاوی هەلومەرجێــکی ســەختی ئــەو ســەردەمەیە. سلاڤۆی ژیــژەك لــە وتــاری چــۆن دەتوانــین ســەرلەنوێ، دەســتپێبکەینەوە دا دەنوســێت: «ئایــا پەڕینــەوە لــە لینینــەوە بــۆ ســتالین، زەروری بــوو؟ وەڵامــە هیگڵییەکــە هەڵگــری زەرورەتێــکی پاشــەوپاش و ڕیترۆئەکتیڤانەیــە: مــادام پەڕینەوەکــە ڕوویــدا، مــادام کــە ســتالین ســەرکەوت، کەواتــە شــتێکی زەروری و ناچــاری بــووە. ئیــشی مێژوونــوسی دیالەکتیــکی ئەوەیــە کــە ئــەو [پەڕینەوەیــە] لــە «گــۆڕان و صەیرورەکــەدا» ببینێــت، و هەمــوو ئــەو شــەڕە ئیحتیمالییانــە شــیکاربکات کــە دەکــرا بــە دۆخێــکی تــر کۆتاییبێــت...». ئەمــە ئــەو شــتەیە کــە بەشــێکی

زۆری چەپەکان(کۆمۆنیستەکان)تێی ناگەن. وەکچۆن لەناو کەلەپوری کۆمۆنیزم و مارکسیزمدا ڕەوت و کارەکتەری زۆر تیۆری هەن و بە تۆمەتی دانیشتن لەسەر بورجی عاج تۆمەتبارکراون، بە هەمان شێوە ڕەوت و کەسانێکی زۆریش هەن ئەنتی‌تیۆرین و سەریان لە وردەکاری و ئاڵۆزییەکانی تیۆر دەرناچێت و هێشتا بە هۆشیارییەکی بۆرژوازییانەوە بیر لە مێژووی کۆمۆنیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکەنەوە.

گەر بەپێی فاکتە باوەکان بەخێرایی چاوێك بە ئەزموونی ستالیندا بخشێنین، ئەوا زۆرێك لە تەفسیرکارانی کۆمۆنیست و غەیرەکۆمۆنیستیش هەڵەی ستالین بەوە دەزانن کە دەیویست سۆسیالیزم لە یەك وڵاتدا درووستبکات(و گوایا ئاکامەکانی ئەم سۆسیالیزمە دەوڵەتییەش ئەوە بووە کە حیزب بووەتە جێگرەوەی کۆمەلانی خەڵك، بۆرۆکراسییش بووەتە جێگرەوەی حیزب، و سەرۆکیش بووەتە جێگرەوەی هەموان). بەلشەفیکەکان و خودی لینین چاویان لەوە بریبوو کە سۆسیالیزم ببێتە دیاردەیەکی جیهانی. سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم خۆی دیاردەیەکی گەردوونییە و دەبێت هەموو کۆمەڵگاکان بتەنێتەوە و گۆی زەوی ببێتە یەك نیشتمان و سنورەکانی یەك وڵات ببڕێت. بەڵام ستالین لە ساڵی ١٩٢٥دا دەڵێت، ئەو شتانەی کە بۆ درووستکردنی سۆسیالیزم لە یەك وڵاتدا پێویستە، ئێستا سۆڤیەت هەیەتی. دیارە ستالین دەیویست سەرەتا وڵاتێکی سۆسیالیستیی بەهێز درووستبکات و پاشان هەوڵ بۆ دەرەوەی خۆی بدات(تەنانەت بەپێی هەندێك دۆکیۆمێنت، ستالین دوای سەرکەوتنی لە جەنگی دووەمی جیهانییدا دەیویست دەست بەسەر ئەوروپادا بگرێت و دواتر شەڕی یەکلاکەرەو لەگەڵ ئەمریکادا هەڵگیرسێنێت). لەبەرامبەر ئەم جۆرە سۆسیالیزمەدا، ترۆتسکی درووشمی (شۆڕشی بەردەوام یان هەمیشەیی) هەبوو. واتە شۆڕش تەنیا لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا کۆتایی نەهاتووە و دەبێت وڵاتە پێشکەوتووە و سەرمایەدارییە ئەوروپییەکانیش بگرێتەوە و دواتر هەموو جیهانیش. ترۆتسکی زۆر بڕوای بە هێزی جووتیاران نەبوو، بەڵکو پشتی بە پرۆلیتاریای سەنعەتی دەبەست لە ئەوروپا و غەرب. بەس لەو ڕووەوە راستی دەکرد کە گەر پرۆلیتاریا لە یەك وڵاتدا گیربخوات، ئەوا دەبێتە قوربانیی ناکۆکییەکانی ناوەوەی خۆی.

لە سەرەتای سییەکاندا ستالین بەرنامەی ئیشتراکی و بەهەرەوەزیکردنی زەوییەکانی دانا. سەرەتا بەرنامەیەکی پێنج ساڵەی دانا. ساڵی ١٩٢٩ پێی وابوو کۆلاکەکان یان جوتیارە دەوڵەمەندەکان دوژمنی چینی کرێکارن و دەبێت لەناوببرێن. کۆلاکەکان پێیان باشتر بوو خەرمانەکانیان بسووتێنن و ئاژەڵەکانیان ژەهرخوارد بکەن بەڵام تەسلیمی ستالینی نەکەن. ژمارەیەکی زۆر کۆلاك بەهۆی تەور و شمشێر و چەکەوە کوژران، بە درەختەکانەوە هەڵواسران، خرانە ناو ئاوەوە، یاخود دوورخرانەوە بۆ سیبریا.

ستالین بەخێرایی وڵاتی گۆڕی بۆ وڵاتێکی پیشەسازی. ساڵی ١٩٣٠ وتی دەمەوێت وڵاتەکە لە وڵاتێکی کشتوکاڵییەوە بگۆڕم بۆ وڵاتێکی پیشەسازی کە لەسەر پێی خۆی بوەستێت. لە یەك دوو دەیەدا، نزیکەی سەد ساڵێك سۆڤیەتی بردە پێشەوە. کۆمەڵگا و مەجمەعی پیشەسازییانەی لەو ناوچانەدا درووستکرد کە کان و کانزای لێبوو. خەڵکی ئەو ناوچانەی ڕاگواست.

ستالین لە ساڵانی سیدا، بەتایبەت ١٩٣٦-١٩٣٨ کۆمەڵێك پاکتاو و تەصفیەی ئەنجامدا. ئەفسەری حیزب، بەرهەڵستکارەکانی لەناو حیزبدا، خاوەن دارایی و پارەکان، جوتیارە بەرهەڵستکارەکانی بەرنامەی ئیشتراکی. ستالین چەمکی (دوژمنی خەڵك)ی داتاشی: peoples enemy. دەیویست ڕەگەزەکانی دژەشۆڕش و دژەخەڵك بەهۆی ئەم چەمکەوە پاکتاوبکات و پرۆلیتاریایەکی پەتی درووستبکات و بڵێت: ئیتر ململانێی چینایەتی نەماوە. دیارە ئەمە ڕوانگەیەکی تاکڕەهەند و میکانیکییە و ململانێی چینایەتی تەنیا بە کوشتن چارەنابێت. زەبروزەنگلەکاتی خۆیدا ناچارییە، زۆریش، بەڵام لە کات و شوێنی خۆیدا. بەتایبەت ئەوەی کە لینین و ترۆتسکی لەکاتی شەڕی ناوخۆدا کردیان.

بە هەمان شێوە، سەرانی دواتری سۆڤیەتیش بەشێکن لەو زنجیرەیە و ناکرێت لە صەیرورەی شۆڕشی ئۆکتۆبەریان جیابکەینەوە. بۆنمونە خرۆشۆف ساڵی ١٩٥٦ لەدوای ستالین هاتە سەر حوکم. خرۆشۆف پێشتر لە پەیکەری باڵای حیزبدا بوو. هەندێك کەس خرۆشۆف بە خیانەتکردن لەسۆسیالیزم(و شۆڕشی ئۆکتۆبەر) دەزانن و پێیانوایە لەگەڵ مردنی ستالیندا ئەزموونی سۆسیالیستی سۆڤیەت کۆتاییهات. خرۆشۆف بە کۆنگرەی بیستدا دەناسرێتەوە. لەوێدا ڕاپۆرتێکی درێژی خوێندەوە کە باسی لە تاوانەکانی ستالین دەکرد. لە کۆنگرەکەدا بە ئامادەبووان دەڵێت: کەس نهێنینی ئەم قسانە نەباتە دەرەوە. بەڵام دواتر قسەکان دزەدەکاتە دەرەوە و ڕۆژنامەکانی ئەمریکا و سی ئای ئەی دەیکەنە هەڵا لەسەر کۆمۆنیزم و ستالین. دوای کۆنگرەکە یەك دوانێکیان خۆیان کوشت و هەندێکیشیان تووشی نارەحەتیی عەسەبی بوون(ژیژەك تەفسیرێکی جوانی دەروونشیکاری بۆ ئەم خۆکوشتنانە دەکات کە کەسێك چۆن باوەڕی خۆی لەدەستدەدات و دەکەوێتە بۆشاییەوە، بڕوای بە شتێك هێناوە کە درۆ دەرچووە، یان

پسـپۆڕییتر قسـە بکەیـن: چـۆن ئەویـتری گـەورە داڕووخـاوە و شـتێك نەماوەتـەوە و دەسـتی پێوەبگریـن). پرۆسـەیەکیشی ڕاگەیانـد بەنـاوی (لـە سـتالینیزم داماڵـین، یـان داماڵینـی سـۆڤیەت لـە ئـاکاری سـتالینی). دیـارە زیادەڕۆییـشی تیایـە و وەڵامیـش دراوەتـەوە. خرۆشـۆف جیـا لـە تەعدیلاتـە سیاسی و ئابورییـەکانی، کـە سـۆڤیەتی تـووشی ڕیفـۆرم و سـازش بـۆ بـۆرژوازی کـرد، دەتوانـین دوو خاڵـی تـر بژمێریـن لـە بەنـاو تێـزە چاکسـازییەکانی:

١) لینـین و سـتالین دەیانـوت ڕوودانی جەنـگ لەسـەردەمی ئیمپریالیزمـدا شـتێکی حەتمـی و حاشـاهەڵنەگرە. خرۆشـۆف دەیـوت: مـادام سـەردەمی ئەتۆمییـە، هـەر دەبێـت شـەڕ ڕوونـەدات. مـەرج نیـە شـەڕ شـتێکی حەتمـی بێـت.

٢) دەکرێـت سۆسـیالیزم بـە شـێوازی ئاشـتییانە پیادەبکرێـت و بهێنرێتـەدی. چیـتر پێویسـت بـە شـەڕەنگێزی و شـۆڕشی توندوتیژانـە نـاکات. پارلەمانیـش یەکێکـە لـە ڕێـگاکانی گەیشـتن بـە سۆسـیالیزم.

بۆچوونێـکی ڕەشـبینانە و ئایدیالیسـتییش هەیـە کـە پێی‌وایـە شکسـتی سۆسـیالیزم لـە سـەدەی بیسـتدا، دەگەڕێتـەوە بـۆ زاتی خراپەکارانەی مـرۆڤ. بـەو مانایـەی مـرۆڤ بـە زاتی خـۆی خراپـەکارە و ناتوانێـت لـەوە باشـتر ببێـت و بـەردەوام لـە جەنگێـکی نەخۆشـانە و پاتۆلۆژیدایـە لەگـەڵ ئەوانیتردا(دیـارە هۆبـز وەك یەكێـك لـە بـاوکانی سـەرمایەداری، دەوڵـەت بـە ڕێکخـەرەوەی ئـەم جەنگـە پاتۆلۆژیيانـە دەزانێـت؛ لەکاتێکـدا لـە مارکسـیزمدا دەوڵـەت خـۆی باوکێـکی چەوسـێنەرە و ئامـرازی دەسـتی کەمینەیەکـە بـۆ هاڕینـی زۆرینـە). ڕەنگـە بتوانـین بـە مانایـەك لـە مانـاکان دەسـتکاریی ئـەم دیـدە ڕەشـبینە بکەیـن و بڵێـین: شکسـتی سۆسـیالیزم لـە مێـژووی مرۆڤـدا، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو باوەڕبەخۆنەبوونـەی کـە هێشـتا مرۆڤـەکان نەیانتوانیـوە بەتـەواوی وەریبگـرن. نەیانتوانیـوە بـاوەڕ بـە یەکسـانیی تـەواوەتی بهێنـن. دیـارە ئەمـە وەك خاڵێـکی گشـتی و وەك وەڵامێـك بـەو ئەرگۆمێنتـە ڕەشـبینگەرایە. ئەگینـا ئیشـکردن بـۆ سۆسـیالیزم لەسـەر ئـەزی واقیـع، بـە مانـای تێـرژانی بەشـێك لـە عەقیـدەی سۆسیالیسـتییە بـۆ نـاو مێـژوو. تێکەڵکـردنی بەشـێك لـە ئایدیـای سۆسیالیسـتی بـوو بـە مێـژوو، ئیـدی جیـا لـەوەی بـە چ بـەرزی و نزمییـەکی تاریخییـدا هاتـووە. دانیـال بـن سـەعد، لـە کۆتایـی نوسـینێکیەوە دەربـارەی شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر دەنوسـێت: هیـچ شـتێك ناتوانێـت وابـکات بـۆ ئەبـەد ئـەو شۆڕشـە لـە مێـژوودا بسـڕێتەوە کـە لـە مـاوەی ١٠ ڕۆژدا دونیـای هەژانـد. هـەر ئـەوەی ئێسـتاش ملیۆنـان مـرۆڤ بڕوایـان بـە بەهـاکانی سۆسـیالیزمە، لـە کەناڵـی شـۆڕشی ئۆکتۆبـەرەوە گەیشـتووە بـە ئێمـە.

**پ: ئایـا پـاش ئـەم ئەزموونـە، مارکسـیزم جێـگای خـۆی پاراسـتووە وەك میتۆدێکـی زانسـتی بـۆ خوێندنـەوەی واقیعـی ئەمـڕۆ و ڕووبەڕووبوونـەوەی سـەرمایەداری؟**

و: مارکسـیزم، وەك ئـەوەی لویـی ئاڵتۆسـێر تیۆریـزەی دەکات و باسـیدەکات، خـۆی زانسـتە نـەك ئایدۆلۆژیا. واتـە زانسـتی خوێندنـەوە و شـیکردنەوەی مێـژووە، بـەڵام بـە شـێوەیەك ماتریاڵیسـتی. مەبەسـت ئـەوە نیـە هیسـتۆریزم و مێژووگەرایـی و گێڕانـەوەی مێـژوو بێـت، بەڵکـو کەشـفکردنی یاسـاکانی مێـژوو و میکانیزمـەکانی ئیشـکردنی مێـژووە. مێـژوو چـۆن گەشـەدەکات و چـۆن تـووشی پچڕانیـش دەبێـت و کۆمەڵـگاکان بەپێـی کام ڕێسـای ماتریاڵیسـتی گەشـەدەکەن. ئاڵتۆسـێر پێی‌وایـە مارکـس قاڕەیـەکی نوێـی لەنـاو زانسـتدا کـردەوە، کـە قـاڕەی مێژووە(وەکچـۆن قـاڕەی ماتماتیـك لەلایـەن یۆنانییەکانـەوە و قـاڕەی فیزیـا لەلایـەن گالیلـۆوە کرایـەوە). وەکچـۆن لەپـاش کەشـفی قـاڕەی ماتماتیـك، فەلسـەفە لەدایکدەبێـت، فەلسـەفەی ئەفلاتـوون. لەپـاش قـاڕەی فیزیـاش، فەلسـەفە تـووشی گۆڕانێـکی قووڵـتر لەدایکدەبێـت کـە فەلسـەفەی دیکارتـە. لەپـاش قـاڕەی مێـژووش، کـە مارکـس دەیدۆزێتـەوە، شۆڕشـێك بەسـەر فەلسـەفەدا دێـت و ئەمـەش لـە تێـزی یانـزەدا ڕەنگدەداتـەوە کـە دەڵێـت: فەیلەسـوفان تـا ئێسـتا جیهانیـان تەفسـیرکردووە، بـەڵام مەسـەلەکە گۆڕینیـەتی. ئاڵتۆسـێر پێی‌وایـە فەلسـەفە بەهـۆی کردنـەوەی قـاڕەی مێـژووەوە لەلایـەن مارکسـەوە، ڕووبـەڕووی شـۆڕش بۆتـەوە. ئـەم شۆڕشـە نـاوی ماتریاڵیزمـی دیالەکتیکییـە. گـۆڕان و وەرچەرخانـە فەلسـەفییەکان هەمیشـە کاردانەوەیەکـن بـەڕووی دۆزینـەوە گـەورە زانسـتییەکاندا. بۆیـە هـەر لەبنەڕەتـەوە ئـەم وەرچەرخانانـە، لەپـاش تێپەڕینـی کات ڕوودەدەن. لەبـەر ئەمەیـە کـە لـە تیـۆرە مارکسـییەکەدا، فەلسـەفە دەکەوێتـە دوای زانسـتەوە. بـەڵام مارکسـیزم تەنیـا زانسـتێکی ڕووت نیـە وازی لـێ بێنـین، بەڵکـو کۆمەڵێـك ئیمـکان و ئاراسـتەمان بـۆ دەکاتـەوە تاکـو تێبگەیـن مێـژوو چـۆن کاردەکات و کـێ دەچەوسـێتەوە و فۆرماسـیۆنە کۆمەڵایەتییـەکانی مێـژوو چۆنچـۆنی چینایـەتی درووسـتدەکەن. لێرەوەیـە ئاڵتۆسـێر لـە گفتوگۆیـەکی نـاوداردا دەڵێـت: وەك کوتلـە و کۆمەڵـە، ئـەوە تەنیـا خەباتگێـڕانی پرۆلیتاریـان کـە مـەرام و مەبەسـتی دۆزینـەوە زانسـتییەکەی مارکسـیان ناسـیوە و دانیـان پیانـاوە. پراکتیکـە سیاسـییەکەیان،

لەسایەی ئەم دۆزینەوەیەدا گۆڕانی بەسەرداهاتووە. ئا لێرەدایە دەگەینە سەر گەورەترین فەزاحەت و ئابڕووچوونی تیۆریی مێژووی هاوچەرخ. بەپێچەوانەوە، ڕۆشنبیران لە کوتلە و کۆمەڵی خۆیاندا، هەرچەندە پیشەکەیان وادەخوازێت کە (پسپۆڕانی زانستە مرۆییەکان، فەلسەفە)بن کەچی پانتایی بێپێشینەی دۆزینەوە زانستییەکەی مارکسیان ئیدانە کردووە و گاڵتەیان پێکردووە و کاتێک لەبارەیەوە دوواون بەخراپی باسیانکردووە، و دانیان پیانەناوە، و سڵیان لە ناساندن و دانپیانانی کردۆتەوە. چەند ئاوارتەیەکی لێدەرچێت، ئێستاش ڕۆشنبیران سەد ساڵ پاش سەرمایەی مارکس هەر خەریکی «پینەوپەڕۆن» لە پانتاییەکانی ئابوریی سیاسی و کۆمەڵناسی، ئەنسرۆپۆلۆجی و دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و هتددا. هەر بەو جۆرەی کە فیزیاناسە ئەرستۆییەکان پەنجا ساڵ پاش گالیلۆ خەریکی «پینەوپەڕۆ» بوون لە پانتایی فیزیادا. بەکورتییەکەی، وییستمان بڵێین مارکسیزم شتێك نیە بەسەربچێت، بەڵکو لە هەناوی خۆیدا قابیلی تازەبوونەوەیە و لەگەڵ گەشەی ئەم مێژووە چینایەتی و باوەدا تازەدەبێتەوە. ئاڵتۆسێر، بەردەوام پێداگریی لەوە دەکرد کە بگەڕێینەوە سەر کتێبی (سەرمایە)ی مارکس. ئەمە بەو مانایە نا کە بەبێ سەرمایە ناتوانین شۆڕشگێڕ بین، بەڵکو بەو مانایەی کە هێشتا ئاسۆکانی مارکسیزم تێنەپەڕێنراون و داهێنانی کۆمەڵێك ناو و چەمك بۆ سەردەمەکەمان جگە لە خاوکردنەوەی شۆڕشگێڕان هیچی تر نین. بەو جۆرەی خۆی ئاماژەی بۆ دەکات چەمکە ئایدۆلۆژییە بۆرژواییەکانی وەك «کۆمەڵگای پیشەسازی»، «سەرمایەداریی نوێ»، «چینی نوێی کرێکار»، «کۆمەڵگای سەروەتمەند»، «نامۆبوون» و هتد، دژەزانستی و دژەمارکسین و بۆ لێدانی شۆڕشگێڕان بەکاردەهێنرێن. تیۆرەکەی مارکس، بە جەوهەری خۆی شۆڕشگێڕانەیە و شتێکی ئیرادی و ئەخلاقی و ئایدۆلۆژیی ڕووت نیە.

دەتوانین تێستێکی سادەی زەینی ئەنجامبدەین و بڵێین: بۆچی دەوترێت مارکسیزم بەسەرچووە، بەڵام هەندێك ئایدۆلۆژیای کۆنی دینی و ناسیۆنالی و فاشیستی و بۆرژوازیی بەسەرنەچووە؟ هەڵبەت دانپیانان بەو ئایدۆلۆژیا کۆنانەدا، شتێکی ڕاستەوخۆ نیە، بەڵکو دانپیانانێکی ناڕاستەوخۆی ڕۆژانەییە و لە ئەکت و بیرکردنەوەی ڕۆژانەی خەڵکدا خۆیان بەرهەمدێننەوە. دیارە ئەوە هەژموونی ئایدۆلۆژیای باڵادەستە کە مێشکی گوێگرەکانی بەوە ئیفلیجدەکات کە مارکسیزم بەسەرچووە و چیتر شەڕێکی ئەم ناعەدالەتییەی پێناکرێت و بە تۆتالیتاریزم کۆتاییدێت. وەك بڵێی باڵانسی هێز/هەژموون، بەسەر باڵانسی زانستبووندا زاڵە. ئایدۆلۆژیای باڵادەست، کە سەرمایەدارییە، بەجۆرێك خاوەنی هێزی جیاجیایە کە ئەم هێزانە دەگۆڕێت بۆ فاکت و قەناعەتپێکردنی خەڵك. ئەو هەموو کەناڵەی هەیمەنەکردن، جۆرێك لە فاکتی ساختە دروستدەکات کە زۆرجار لەقکردنی، لە فاکتی ڕاستەقینە سەختترە.

مارکسیزم نەریتێکی دەوڵەمەندە و هەڵگری ژمارەیەکی زۆر بیریار و تێزی ڕەخنەییە. ئەو ڕەخنەیەی لە هەناوی ئەم نەریتەدا دەگوزەرێت، یارمەتیی نەریتەکەی داوە تاکو بەردەوام زیندوو بێت و بیر لە جیهان و سیستەم بکاتەوە. بە دوو شێوە، مارکسیزم پشتگوێدەخرێت. یەکێك لەلایەن هەندێك لە مارکسییەکان خۆیانەوە، ئەویتر لەلایەن نەیارەکانیەوە. بەشێك لە مارکسییە تەقلیدییەکان پێیانوایە سەردەمەکە هێشتا سەدەی نۆزدەیە و گۆڕان بەسەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و بکەری شۆڕشدا نەهاتووە. لەکاتێکدا سەرباری ئەوەی جیاوازیی چینایەتی تۆختربووەتەوە و بەجۆرێك بووە بە هیرارشیەت و کەمینەیەك چوونەتە لوتکە، کەچی هەندێك گۆڕان بەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و دابەشبوونی خەڵکدا هاتووە. چیتر بکەری شۆڕش، ئەو کرێکارە پیشەسازییەی ناو کارگەکان نیە، بەڵکو ڕووبەرێکی فراوانتری خەڵك دەچەوسێنەوە و بەشێك لەکرێکارانیش ئیمتیازێکیان هەیە کە زۆر بەرزە. ئەنتاگۆنیزم و دژایەتیی چینایەتی هێشتا ئەو ئاسۆیەیە کە دەتوانین بیپارێزین و لانیکەم وەك نەخشەیەك ئیشی لەسەر بکەین، بەڵام کۆمەڵێك دیاردەی نوێش هاتوون و پێویستی بە ئاوڕدانەوەیە لە تیۆرە مارکسییە نوێیەکان. هەر ئەوەی کە دەوترێت سەردەمی پۆستئایدۆلۆژیایە، بەئەنقەست مەبەست لە مارکسیزمە و مارکسیزم کراوەتە ئەو خراپەیەی کە نمونەی ئایدۆلۆژیا بێت و بەسەرچووبێت. بەڵام هەر ئاڵتۆسێر خۆی پێیوایە ئایدۆلۆژیا شتێکە لەودیوی ناسینی باش و خراپەوە، شتێکە تێکەڵ بە فەنتازیای مرۆڤ بووە و پتر هۆکارێکی وجودییە بۆ بەردەوامبوونی ژیان. ئایدۆلۆژیا پرسێکی مێژوویی ڕووت نیە، بەڵکو جۆرێکە لە ڕاگر بۆ مرۆڤ، ڕاگری واقیع. ئایدۆلۆژیا بەر لەوەی شتێکی ئۆبێکتیڤ و بابەتی بێت، مەسەلەیەکی سوبێکتیڤ و خودییە. پەیوەندیی سوبێکت(مرۆڤ) بە دۆخە وجودییەکەیەوە دەنوێنێتەوە. مرۆڤ ئاژەڵێکی ئایدۆلۆژییە و لەئێستادا لە ئایدۆلۆژییترین سەردەمدا دەژین کە ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی چووەتە ناو ئاڵۆزییەکی فرەڕەهەندەوە و بە دەیان ڕێگا مرۆڤ بەرەو ئایدۆلۆژیاکەی خۆی هاندەدات. ئایدۆلۆژیا چیتر دانانی بارەگایەك نیە کە ناوی حیزبێك یان مەکتەب سیاسییەکەی لەسەر

نوسرابێت، بەڵکو ڕێگاکانی بانگکردنی مرۆڤە بۆ ئەوەی کەسێك ببێتە سوبێکت. بانگکردنە لەڕێگەی دەوڵەتەوە، لەڕێگەی پۆلیسەوە، لەڕێگەی ڕیکلامەوە، لەڕێگەی مزگەوتەوە، لەڕێگەی داوەتنامە کەلتوری و سیاسی و ڕەگەزپەرستییەکانەوە. ئایدۆلۆژیا پەیوەندیی خەیاڵیی نێوان مرۆڤە بە جیهانەکەیەوە، بە واقیعەکەیەوە. دیارە ئەم پەیوەندییەش لە دۆخی مادی و ماتریاڵیدا دەردەکەوێتەوە، لە دەزگاکاندا خۆی مانیفێستدەکات، لە عادات و کردارەکانی مرۆڤدا پیادەدەبێت(و شتێکی ڕووت و ئایدیاڵیستی نیە).

سەبارەت بە واقیعی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای خۆیشمان، مارکسیزم پێویستی بەوەیە لەو غوربەتە کۆمەڵایەتییە دەربهێنرێت. بیری مارکسیزم لە ئاستی نوخبە و توێژەکانیشدا، بیرێکی غەریبە. یەکێك لە دیاردە سەیرەکان، ئەو دژایەتییە پاتۆلۆژیکەی ناو نوخبەی ڕۆشنبیرییە دژ بە مارکسیزم. وەكبڵێی هەر درێژکراوەی دژایەتییە کەلتوری و دینییەکەیە و هیچی تر. ئەو کەڵەکەبوونەی سەرمایەش لای بەرپرسانی کورد و هەڵکشانی ڕێژەی سەرمایەدارەکان لەو پانتاییە جوگرافییە سنوردارەدا، هێندەی تر زەرورەتی بیری مارکسی دەباتەسەرەوە. لەسەرووی سەد هەزار دەرچووی دانەمەزراوەوە، هەزارانی تر وەرنەگیراو، هەزارانی تر بێکار، تۆخبوونەوەی بەشێك لە ئادابی خێڵەکی و کۆنەپەرستانە، باڵادەستبوونی کڵێشە لیبراڵی و نیمچەلیبراڵییەکان لە زەینی خەڵکی شەهادەدار و خوێنەوار و خوێنەراندا، زاڵبوونی گوتاری ژۆرناڵیستی و غیابی فیکری ڕادیکاڵ و ڕاستەقینە، کۆچی بەلێشاوی گەنجان، ڕانت و قازانجی هەلپەرستانە، گۆڕان لە ماناکانی کات و شوێن و واقیعی مەجازی و هتد، بوونی زانکۆ بە شوێنی کۆنەپارێزی و ژێستی تڕۆهات، داخستنی بەردەوامی شوێنە فەرهەنگییەکان و زۆربوونی فرۆشگای قەنەفە و کومبار و شوشەوات و هەرزانبازاڕ، پەرەسەندنی کۆرسی گەشەی مرۆیی و دەروونناسیی بازاڕی و شەرمنەکردن(لەولاشەوە بێشەرمی و نابەرپرسیاری و کالاپەرستی)، گەشەی پۆڕنۆگرافیا و بینەرانی و چەوساندنەوەی ژن لە شوێنی کار و هتد؛ لەو کێشانەن کە دەتوانین بەهۆی مارکسیزمەوە هەم باشتر تێی بگەین و هەم چارە و ئاسۆشی بۆ بدۆزینەوە. لە غیابی مارکسیزمدا، ئەنواع مادە و نوسراوی بازاڕی و نابەرپرسانە دەرخواردی گەنجان دەدرێت.